المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# زمان و زمانی شیعری

عثمان عبدول معروف بەرزنجی

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکـۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: osman.maruf@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئاشکرایە، کەزمان کۆڵەکەیەکی گرنگی بوونی هەر نەتەوەیەکە و لە نەتەوە و گەلانی تری جیهان جیای دەکاتەوە و بنەمای چەسپاندن و ناساندنی مێژوو و کلتووری ئەو نەتەوەیەیە بە نەتەوەکانی دیکەی جیهان، ئەمە لەلایەك.

لە لایەکی ترەوە، زمانی شیعری ڕێچکەی دەربڕینی ناخ ودەروونی شاعیران و ڕووناکبیرانی نەتەوەکەیە و نرخاندن و بەرز ڕاگرتنی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنگەرییەکەی نەتەوەکانی تر دەناسێنێت.

هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، گرنگیمان بەهەندێك لایەنی زمان بەگشتی و زمانی شیعری بە تایبەتی، داوە و ڕۆڵ و گرنگی ئەو بوارانەمان بەهەند وەرگرتووە و بوونەتە بناغەی توێژینەوەکەمان.

**بەشەکانی توێژینەوەکە**

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و کورتەی باس و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە، کە بە ناونیشانی ((زمان و زمانی شیعری))یە، لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت:

**بەشی یەکەم:** چەمك و پێناسە و ئەرك و گرنگی زمان:

تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی زمان.
تەوەرەی دووەم: ئەرك و گرنگی زمان.

**بەشی دووەم**: زمانی شیعری و خاسیەت و ڕۆڵ و گرنگی لە شیعردا.

تەوەرەی یەکەم: زمانی شیعری و خاسیەتەکانی.
تەوەرەی دووەم: ڕۆڵ و گرنگی زمانی شیعری.

**کلیلەوشەکان:** شعر، زمانی شیعری، کلتور، مێژوو.

**الملخص:**

إن اللغة هي في الحقيقة، العامل الأهم التي تميز الأقوام المختلفة عن البعض، وهي بمثابة العمود الفقري لإبقاء القوميه محتفظة بهويتها.

أما اللغة الشعرية وليدة اللغة التي تتخذه كوسيلة لإيصال النتاجات الادبية، ومنها الشعر، ويتجلى في ثناياها المستوى الثقافي للأمة المتجسدة في تراثها الشعبي.

هذه الدراسة تتشكل في فصلين، وكل فصل يحتوي على عدة مباحث. أما الفصل الاول، فهو بعنوان: المفهوم و تعريف و وظيفه اللغه و أهميتها. فأما مباحثه يتكون من، الاول: توضيح المفهوم اللغه وتعريفها. والثاني تتحدث عن الواجب ومهمه اللغة.

الفصل الثاني: تتحدث عن اللغه الشعريه وخصائصها ومن ثم وظيفتها وأهميتها في إيصال رسالتها. فالمبحث الأول يتحدث عن تعريف الكامل للغة الشعرية وخصائصها.

في المبحث الثاني نشير الى الدور اللغه الشعريه و أهميتها في الشعر و الباحث يهم بالولوج في صلب الموضوع.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**الكلمات المفتاحية:** الشعر، اللغه الشيعرية، الثقافه، التأريخ.

**Abstract:**

It has been acknowledged that the language is one of the main pillars of a nation with which the nation will be distinguished from the others. Mean-while poetic language merges from the womb of the everyday language which becomes the identity of enlightenment and development of the culture and literature

***The research will be as follows:***

**The first section:** is devoted to giving the definition functions, and the notions of language.
*This section is divided in to two subsections:*

The first one is specified to the notion and the definition of language.
Whereas the second subsection is devoted to discuss the functions of language.

**The second section:** highlights the poetic language, the characteristics, roles, and the importance of language in poetry.

***This section is divided in to subsections:***

The first one is specified to identity the poetic language in terms of its characteristics.
The second subsection refers to the role and the importance of poetic language.

**Key words:** Poetic, Poetic Language, Culture, History.

**پێشــەکی:**

توێژینەوەکەمان باس لەبابەتێکی گرنگ دەکات، کە ئەویش بەستنەوەی بەرهەمی سەرزار و هزری ئەدیبانە بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی، بەگرنگترین بنەمای بوونی نەتەوەوە، کە ئەویش زمانە، هەر بۆیە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو بوارە زمانییە دەکەینەوە، کە ئەویش زمانی شیعرییە، کەزمانێکە بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و گرنگییەکی زۆر لەبەرچاوی هەیە بۆ خستنەرووی بواری رۆشنبیر و چالاکی نەتەوەکە.

**توێژینەوەکەشمان بە دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە، کە ئەوانیش:**

بەشی یەکەم: چەمك و پێناسە و ئەرك و گرنگی زمانە.
بەشی دووەم: زمانی شیعری و خاسیەت و رۆڵ و گرنگی لەشیعردا.

بۆ نووسینی توێژینەوەکەمان سوودمان لە رێبازی وەسفی شیکاریی و هەندێك جاریش بەپێی پێویست سوودمان لەڕێبازی مێژووی وەرگرتووە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
cc BY NC ND
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## بەشی یەکەم: چەمك و پێناسە و ئەرك و گرنگی زمان

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و پێناسەی زمان

**- چەمکی زمان:** زمان بە شێوەیەکی گشتی، ئامرازی لەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانە بۆ ئاڵوگۆڕکرنی بیروڕاکان، جا ئیتر ئەو زمانە زمانی قسە کردن، یاخود زمانی ئاماژە (ئیشارەت) ،بێت.

ئەوە ڕاستییەکە کە، کە وشەی – زمان– لەبنەچەوە لەناوی ئەو ئەندامەی، کە لە دەمدایەو بۆ ئاخاوتن و لەهەمانکاتدا ئامرازێکە بۆ هاوکاری ئەندامەکانی تری ناو دەم بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاردێت.

لەلایەکی ترەوە ((هۆکاری سەرە کی بۆ ناولێنانی ئەو کۆمەڵە دەنگ و وشە و ڕستانە بە -زمان- ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەگرنگەی، کە ئەو ئەندامە لە ئاخاوتندا ئەیگێڕێ، ئەوش ئەوەناگەیەنێ، کە -زمان- تەنها ئەندامێکە بەکاردەهێنرێ بۆ قسەکردن، بەڵکو هەموو ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەك یەك بەشداری ئەکەن لە قسە کردندا.)) وەیس، مجید، 1987، 16.

گومانی تێدانییە، هەموو بوونەوەرێك زمانی تایبەتی خۆی هەیە بۆلێکتێگەیشتن، جا ئیتر لە ڕێی ئاماژەوە بێت، یان هەر دەربڕینێکی ترە لەناو ئەو بوونەوەرانەدا، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی قسەکەر هاتوتە مەیدانەوە و لەگەڵ گێژاوی ژیاندا کەوتوتە کێشمەکێش و ڕووبەڕووی سروشت بۆتەوە و توانیویەتی دەسەڵات بەسەر زەوی و بوونەوەرانی تردا پەیدابکات.

پاشتر توانیویەتی، ووردبینانە لە زمان و بنەماکانی دروستبوونی زمان بکۆڵێتەوە و شارەزایی تەواوی تێدا پەیدا بکات، چونکە زمان گرنگییەکی زۆری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری و دیپلۆماسیدا ... هتد، هەیە.

کەواتە باشتروایە، شارەزایانی بواری زمان هەمیشە لەبەردەوامیدابن بۆ بەهێز کردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەی خۆیان و هەنگاوی بەرەو پێشەوەی بنێن و لە لاوازی و فە وتان و مردن دووری بخەنەوە، چونکە وشەی (( زیندوو و مردوو، خوازەییەکە لەناونیشانی چەند کتێبێکدا دەرکەوتووە هەر لەسەردەمی – ویتنی = Whitney – لەساڵی 1867ز دا، کاتێ کتێبەکەی بەناوی – ژیان و مردنی زمان – بڵاوکردەوە، ناونیشانی ئەم کتێبە ئەوە روون دەکاتەوە، کە زمان لەدایك دەبێت و دەژێت و دەمرێت، وەك هەموو زیندەوەر و تەنەبایۆلۆژییەکانی دیکە )) کالفی ، 2012 ، 9.

گەر بەووردی ڕۆبچینە ناو مێژووی زمانەکانی جیهانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەندێکیان بەتەواوی برەویان پێدراوە و پێشکەوتوون و بەرەو باڵا چوون.

هەندێکی تریان بەرەو لاوازی و هی واشیان هەیە، کە بەتەواوتی بەرەو نەمان و لەناوچوون ڕۆشتوون، هەروەك -لویس جان کالفی- لەو بارەیەوە دەڵێت: (( ئەو زمانەی، کە پێش ناکەوێت، لە شوێنی خۆی دەوەستێت و لە مردن نزیك دەبێتەوە )) سەرچاوەی پێشوو، 8.

هەر لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەی، کەبەسەر زمانی میللەتانی جیهاندا هاتووە، زۆر ڕوونکردنەوە و بیروبۆچوون خراوەتە ڕوو، بەتایبەتیش لەئاستی زمانە جیهانیەکاندا، چونکە یەکێك لەدیاردە دیارەکانی زمان ئەوەیە، کە لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا لەگۆڕاندایەو لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە (( ئەوەی بەسەر زمانی فەرەنسی کۆن، عەرەبی پەتی کۆن هاتووە، هەروەها دەتوانین باسی توانەوەی زمان لە ناو زمانێکی دیکەدا بکەین، فەرەنسیەکانی ئەمڕۆ بە زمانی لاتینی قسە دەکەن، بەلام لاتینی تەمەنی 20 سەدەیە و شێوازی ئەڵمانیایی کۆنی هەیە و دەچێتەوە سەر زمانی میللەتی – گۆڵ = Gaulois - . هەر وەك دەبینین زمانی فەرەنسی و ساکسۆنی لەنێو یەکدا تواونەتەوە و زمانی ئینگلیزی لێ پەیدابووە. هەروەها هەندێك زمان بەیەکجاری نەماون و سڕاونەتەوە، یان هەندێکی تریان بەرەو نەمان دەچن)) سەرچاوەی پێشوو، 9 - 10.

هەر بۆجەخت کردنە سەر ئەو بۆچوونەی - کالفی-، سەبارەت بەپەرتبوونی هەندێك لەزمانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، - جیمس هنری براستد -،ووتوویەتی: (( لەئەنجامی لێك دوورکەوتنەوەی دەستە و هۆزەکانی – هیندۆ ئەورووپایی – دا، دەلاقەی جیاوازی نێوان زمان و دیالێکتەکان زیاتر بوو، خوونەرێتیشیان گۆڕا، تا ئەو ڕۆژە هات، کە ڕۆڵەکانی ئەو خێڵ و هۆزە پەرشوو بڵاوانە، ئەگەر بەیەك بگەیشتنایە، نەیان دەتوانی لەقسەی یەکتری تێبگەن. دوا ئەنجامی ئەمەش پەیدابوونی زمانانی جۆربەجۆری ئەمڕۆی ئەورووپا و زمانانی هیندۆئەورووپایی لە باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئاسیادا بوو)) خورشید ، 1985 ، 17. براستد ، بلا ، 240.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:22-32

زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە بەبەشێك لەزمانە هیندۆئەوروپاییەکان دادەنرێت، یاخود راستر بڵێین یەکێکە لە زمانە ئارياييەكان، لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لێیکراوە ، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری نەتەوەی کوردەوە، لە پەرت بوون و لەناوچوون پارێزراوە و بگرە برەویش بەزمانەکە دراوە.

هەر بۆیە -سدنی سمیث- ((سورە لەسەر ئەوەی، کە زمانی کوردی، زمانێکی تەواو سەربەخۆیە و پەرەسەندنی ڕاستەقینەی مێژووینی خۆی هەیە و زمانێکی ئاریایی ناياب و دێرینە، لە چیاکانی کوردستاندا لە زووەوە ژیاوە و تا ئەمڕۆش پەتییە و بەپوخت و پاراوی ماوەتەوە.)) سەرچاوەی پێشوو، 15.

دیارە زمانی زیندووش هەمیشە لە گۆڕاندایە و ناوەستێت، هەتا کۆمەڵگاش هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێت، زمانیش لەگەڵیدا پێش دەکەوێت و بە پێی سەردەمەکە بەرگی تازەکردنەوە دەپۆشێت، چونکە مرۆڤ هەر لەو کاتەوەی زمانی دەیژیێ و گۆدەکات، ئیتر دەرگاکانی ژیان لەبەر دەمیدا دەکرێتەوە، بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی حەز بە پێشکەوتن و بەئاگایی دەکەن و هەمیشە لە هەوڵدان بۆ برەو پێدانی بواری ڕۆشنبیری خۆیان، چونکە (( زمان بە گشتی لەبەر ئەوەی پابەندە بە گشت دیاردەکانی کۆمەڵایەتی، سروشتی، بەبەردەوامی لە گۆڕاندا دەبێت، بەڵام ئەم گۆڕانەش لایەن ئامێزە، چونکە ئەوەی ئەگۆڕێت تەنیا – فەرهەنگی زمانە بەو پێیەی، کە زمان بەبێ دەرهاویشتنی ڕەمزێك لە هەموو کار و چالاکی بەرهەمی مرۆڤ بەشدار دەبێت.)) محمود ، 2012 ، 99.

**پێناسەی زمان:** زانایان و شارەزایانی بواری زمان، زۆریان لە بارەی زمان و ناساندنییەوە، باسکردووە و چەندەها بۆچوون و پێناسەیان لەو بوارەدا خستوتەڕوو، ئێمەش لێرەدا هەندێکیان دەستنیشان دەکەین، لەوانە:

1- چۆمیسکی: دەڵێت: ((مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانی سنوردار فێردەبێت، کە بەهۆیانەوە بەویستی خۆی ڕستە پێکدەهێنێت و لێیان تێدەگات، چ یەکجار گوێی لێبووبێت، یان پێشوەخت گوێی لێبووبێت.)) مەحوی ، 2001 ، 15 .
2- سۆسێر: زمان بەوە دەناسێنێ، کە (( سیستەمێکە و بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی دادەنێت، تاکەکانی کۆمەڵیش ئەو یاسایانەی، کە لەو سیستەمەدا هەن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاریدێنن.)) عەلی ، 2014 ، 18.
3- هۆڵ: ئەمیش ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لە ناساندنی زماندا و لەو بارەیەوە دەڵێت: ((زمان فەرمانگەیەکە و خۆی بەڕێوەبردنی خۆی لەدەست خۆیدایە، لەڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و لە یەکتردەگەن. بۆ ئەم مەبەستە، لەڕێی بەکارهێنانی ڕەمزی دروستکراوی دەستوربەدەری، زاریی (بەدەم) و گوێی (بەبیستن) دەنگی (بەدەنگ)، تێکەڵ بەیەکتری دەبن و کارلەیەکتری دەکەن.)) مەحوی 2001 ، 11.
4- هەژاری موکریانی: لەبارەی ناساندن و ڕۆڵی زمان لە بوونی هەر نەتەوەیەکدا، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: (( پێناس، زمانە، فەرهەنگە، مێژووی کەوناراو تازەیە، ویژە و هۆنراوە و ئەدەبیاتە، بەهەموو لك و پۆپییەوە )) عەزیز ، 2015 ، 167 .

**لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین:**

زمان - کۆمەڵێ یاسا و سیستەمی کۆمەڵایەتییە، کاتێك مرۆڤ توانی پەیڕەوی بکات و بەباشی ڕەمزەکانی لە بواری زارەکیی و دەنگی و بیستندا بەکاربهێنێ، ئەوا دەبێتە کارێکی ئاسایی بۆ ئاخافتنی مرۆڤ.

بە گشتی زمان هۆکاری لە یەکگەیشتنی مرۆڤەکانە و هەر گروپێکیش بەزمانێکی جیا لە گروپەکانی تر، زمانی تایبەت بە خۆی هەیەو لە بنجدا نەزانراوە، کەی و چۆن زمان پەیدا بووە ومرۆڤ هەر لە منداڵییەوە بە غەریزە فێربووە، بەڵام گومانی تێدانییە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە زمان سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەویش بنەمای یاسایەکی ڕێزمانییە، دیارە ڕێزمان یا دەستووری زمان: ((بریتیە لەو سیستەمەی، کە لەنێوان بنەماواتادارەکانی زماندا هەیە.)) باتنی ،2012 ، 17.

**تەوەری دووەم: ئەرك و گرنگی زمان**

**- ئەرکی زمان:** ئەوە ڕاستیەکەیە، کەزمان کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی هەیە و ڕۆڵێکی یەکجار سەرەکی دەگێڕێت لە ژیری و بیرکردنەوەی مرۆڤدا سەبارەت بە ڕەوتی گەشە و باڵایی مرۆڤ، بەتایبەتیش داهێنانەکانی مرۆڤ لە ڕەورەوەی ژیانی مرۆڤایەتیدا، چونکە بیر بەهۆی زمانەوە، دەبێتە ڕاستیەکی هەستپێکراوو لە ناو گومەڵگادا بڵاودەبێتەوە، هەر بۆیە زمان:

1- ئامرازی سەرەکی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵە و بێگومان هەمیشە لەجوڵە و گۆڕاندایە و بەپێی کات و سەردەم و پێشکەوتنی ژیانی ئابووری و شارستانی و ڕۆشبیری، وشە و زاراوەی نوێ و زانستی لەخۆدەگرێت و خۆی پاك دەکاتەوە لە وشە و زاراوەی سواوی زۆر بەرکارهاتوو، بەتایبەتیش وشە و زاراوەی بیانی، چونکە ئەرکی زمانی زیندوو، ئەوەیە هەردەم و هەموو کات لە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گەشە و نوێخوازی و بەردەوامیدا بێت و ئەندامانی نەتەوەکەی زۆر بەهۆشیاری و بەئاگاییەوە برەوی پێبدەن و بەرەو پێشەوەی بەرن، بە مەرجێك زیاتر گرنگی بە وشە و زاراوەی زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان بدەن، چونکە ((هۆشیاری زمانەوانی، زانینی ئەو ڕاستییەیە، کە بەهۆی زمانەوە سەرجەمی بەشەکانی دی ڕۆشنبیری: بیر، زانیاری، وێژە و هونەر، دابونەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و باوەڕ و ئاین و کەلەپوور، کۆدەکرێنەوە و تۆمار دەکرێن و پێش دەخرێن... لەوچە و کۆمەڵ و سەردەمێکەوە بۆ وەچان و کۆمەڵان و سەردەمانی داهاتوو دەگوازرێنەوە.

زمان کە ئەم ئەرکە گرنگە بۆ بەشەکانی ڕۆشنبیری بەجێ دەگەیەنێ، ئەو بەشانەش بابەت و ناوەڕۆکی خۆیان دەخەنە بەردەستی زمان)) تاهیر 2018 ، 67 – 68 .

2- زمان هۆیەکی گرنگی پەیوەندی نێوان تاکە لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا، ئەویش لە ڕێگەی ((گەیاندنی هەواڵ و هەست دەربڕین و پرسیار کردن و ڕاپەڕاندنی کارەکان و وروژاندنی حەزەکان و جێ خۆشکردن و خۆبردنە پێشەوە و... هتد)) عەلی ، حەمەئەمین ، 2006، 44 – 45 .
بۆ ئەوەی بگاتە ئەو مەبەست و ئاوات و داخوازییانەی، کە دەیەوێ پێی بگات.

3-ئەرکێکی تری- زمان- ئەوەیە: ((کەپێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای کۆمەڵگاوە دەگوازرێتەوە و تەنها ئامرازێك، کە کۆمەڵگا هەیەتی بۆ ئەم گواستنەوەیە -زمان-ە.)) باتنی، 2012، 15.

هەر لە بارەی ئەرکی زمانەوە د.محمد ڕەزا باتنی جەخت دەکاتەوەو دەڵێت: ((لە بواری پەروەردەو فێرکردن، بەڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، بەبێ بوونی-زمان- مومکین نییە.)) سەرچاوەی پێشوو.

کەواتە بە گشتی دەتوانین بڵێین: -زمان- هۆیەکی گرنگی گواستنەوەی میرات و شارستانیەت و کلتوورە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. واتا بنەمای سەرەکی ناساندنی مرۆڤەکانە بەیەکتری ، لەهەمانکاتدا هۆکاری جموجۆڵ و بەئاگایی و بەردەوامی مرۆڤەکانە.

- **گرنگی زمان:** جگە لەوەی زمان وەك کەرستەیەکی خاو بە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش کاردەکاتە سەر تەواوی لایەنەکانی تر.

بە گشتی دەتوانرێ بووترێت ((زمان بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیرییە،کە بە هۆیەوە شێوەکانی دی رۆشنبیری کۆ دەکرێنەوە، تۆمار دەکرێن، پێدەگەیەنرێن و پێشدەخرێن،بە هۆی زمانەوە،بیر، بە وتن بە نووسین دەردەبڕێ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی...)) تاهیر ، 2018، 8 .

واتە زمان هۆکاری پەیوەندیکردن و هۆشیاری مرۆڤەکانە و بەبێ بوونی زمان شارستانیەت، بەردەوام نابێت، چونکە تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کلتوورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەك پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، دەڵێت: ((زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی بیر و دەربڕین، هەر لەو کاتەشدا گرنگی هەیە لە دروستبوونی هۆشیاریدا، چونکە لە دەرەوەی زماندا، نەهۆشیاری هەیە، نەدەتوانێت ببێت.)) ڕەسووڵ، 2005 ، 9.

نرخ و بەهای -زمان و فەرهەنگ- بۆ گەل و نەتەوە هێندە بەرزو پیرۆزە، کە پێنووس لەبەردەمیدا کڕنووش دەبات و دەچەمێتەوە، هەر بۆیە زانایەکی وەکو-شێخ موحەمەدی خاڵ- دەڵێت: ((هەر گەلێك زمان و فەرهەنگی نەبێ، لەگەڵ گەلانا ناژمێررێ، بەڵکو ئەکرێ بە بەردەباز و پێ شێل لە ژێر پێتی ئەو گەلانەی، کە بۆ کوێستانی ژیان ئەچن، تا لەرێ پێڵگەدا، پان و پلیش ئەکرێنەوە و لەگەڵ خاکا یەکسان ئەکرێن، بەڵام کە -زمان و فەرهەنگی- بوو، بادیلیش بێ، هەر گەلە و بەگەل ئەناسرێ.)) خاڵ، 1960ز ، 8.

هەر لە بارەی گرنگی و ڕۆڵی –زمان- ، کە بەبناغە و بوونی نەتەوە دانراوە و زانراوە، شاعیر و بیرمەندێکی وەکو -هەژاری موکریانی- ، دەڵێت: ((لە ڕۆژیش ئاشکراترە، کە قەباڵەی بوون و مانی هەموو گەلان، لەسەر ئەم زەمینە -زمان- ە، ئەگەر زمان لەناوبرا، بوون و مانیش لەناودەچێ.)) عەزیز، 2015، 167.

هەژاری شاعیر جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی –زمان- لەبوون و پاراستنی مانی نەتەوەدا دەکاتەوە و دەڵێت: (( زۆر لە رۆژ ئاشکراترە، پێناسی گەلان لەجیهان، دروشمی نەتەوایەتی، ئامیانی رەگەزایەتی، زمانە و بەس.)) سەرچاوەی پێشوو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:22-32
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کەواتە زمان بنەمای گرنگ و سەرەکی بیر و هۆشیاری مرۆڤە و بۆتە یەکێك لە بنەما هەرەگرنگەکانی بوونی نەتەوە، واتا جیاکردنەوە و ناساندنی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر، زیاتر لە ڕێی زمانەکەیەوە دەکرێت، چونکە زۆرجار هەندێك لایەنی ژیان و کلتووری نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا نزیکە یاخود تێکەڵ دەبێت و ناتوانرێت بەئاسانی لێك جودا بکرێنەوە، بەڵام ناکرێ زمانی نەتەوەیەك لەگەڵ زمانی نەتەوەیەکی تردا ئەوەندە تێکەڵ ببێت، ببێتە هۆی تواندنەوەی سیمای نەتەوەیی، نەتەوەکەی بەرامبەر، چونکە وەك وتراوە: ((زمان بەشێکی گرنگی ناسنامەی مرۆڤە، بناغەی گەشەسەندنی مرۆڤایەتییە، بەبێ زمانێکی ڕوون و گەشەسەندوو، مرۆڤ ناتوانێ هەرگیز ویست و داخوازییەکانی خۆی دەرببڕێ، مەحاڵە بتوانێ بەبێ زمان زانیاری جۆراوجۆر و نوێ وەدەستبخرێ )) قەرەداغی ، 2003 ، 17.

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی ناسیۆنالیزم، بروانیتە گرنگی و بایەخی زمان، ئەوەندە باڵا دەبێت، کە بەژێرخان و بناغەیەکی گرنگی بوونی مرۆڤ دابنرێت، هەر بۆیە وتراوە: (( بەپێی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی ناسیۆلیزم بێ، - زمان - بەیەکێ لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی نەتەوە و بەژێرخانی کۆمەڵ دادەندرێ، گومانی تێدانییە، هیچ نەتەوەیەك لە ئەم جیهانەدا، هەرگیز بێ زمان نەبووە و نییە و ناشبێ)) عەزیز، 2015 ، 163 .

## بەشی دووەم: زمانی شیعری و خاسیەت و ڕۆڵ و گرنگی لە شیعردا

### تەوەرەی یەکەم: زمانی شیعری و خاسیتەکانی

- **زمانی شیعری:** زۆر جار زمانی ستاندارد لەئەنجامی، دەسەڵاتی سیاسی، یاخود لەئەنجامی پێشکەوتنی یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی نەتەوەیەك لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و زانستی و ئەدەبیاتدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دیالێکتە پەرەبسێنێ و پەل بۆ ناوچەکانی دیکە بهاوێژێت و لەئەنجامدا ببێتە زمانی نووسین و خوێندنی وڵاتەکە و دیالێکتەکانی تر وەك ناوچەیی بمێننەوە، بەڵام باشتر وایە، ئەو زمانە ئەدەبییەی کە دروست دەبێت، سوود لەزاراوە و فەرهەنگی وشە و دیالێکتەکانی دیکە ببینێت بۆ ئەوەی زیاتر بەهێزتر و کراوەتر و فراوانتر دەربکەوێت، چونکە ((شێوە زارەکانی زمان، چڵی قەدی خۆیەتی.. یەکیان، کە ببێتە زمانی ڕۆشنبیری و دەسەڵات، ببێتە زمانی نووسین و خوێندن، خۆی بەسەر ناوچەکانی نیشتمان دەسەپێنێ، یەك بازاڕی، زۆر پێوەندی و هاتوچۆی نێو ئەو ناوچانە، هاریکاری و هاوکاری نیشتەنییانی، زمانی وێژەیی پێ دەگەیەنێ و مشتوماڵ دەکرێت)) تاهیر ، 2018 ، 139.

بەکارهێنانی زمانی شیعری لە هەر قۆناغێکدا بە پێی تایبەتمەندێتی زمانەکە و ئەو قۆناغە ئەدەبییە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەر وەك زمانی شیعری لەسەردەمی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکیدا لە ڕووی بەکارهێنانەوە تەواو جیاوازبوو لە زمانی شیعری ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخ، چونکە جیهانی شیعر بەهۆی گوڵبژێر و ڕێکخستن و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی وشە و زاراوە دروست دەبێت و دەبێتە ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆی.

دیارە زمانی شیعری کەم تا زۆر لە زمانی ئاسایی خەڵکەکە جیاوازە، هەر لەو بارەیەوە - ئەرستۆ- دەڵێت: (( شاعیر مافی خۆیەتی زمانێکی تایبەت بە خۆی بەکاربهێنێت، کە جیاواز و دوور بێت لە زمانە ئاساییەکەی خەڵك .)) طالیس، 1973، 61 .

ئەو بۆچوونەی - ئەرستۆ- بەتەواوەتی لە زمانە شیعرییەکەی شاعیرانی کلاسیکدا بەدیدەکرێت، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، زمانێکی تێکەڵە و زۆر وشە و زاراوەی بیانی تێدا دەبیندرێت، کە لەلای خەڵکی ئاسایی نامۆیە و کەمتر تێی دەگەن.

بەڵام بۆ زمانە شیعرییەکەی ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخ، لەوانەیە جیاوازییەکی کەمی تێدا بەدیبکرێت لەگەڵ زمانی خەڵکیدا، بەتایبەتیش لە بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوەی زانستی و ئەدەبی و مۆدێرندا، ئەوەش لە فەرهەنگی زمانی شیعریی هەندێك لە شاعیراندا بەدیدەکرێت، کە ئەویش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بەرامبەرەکەی و زۆرجاریش دەبێتە هۆی تێرامانی بەرامبەر.

هەر لە بارەی زمانی شیعرییەوە - ئەفلاتون- وتوویەتی: ((شاعیر بە هۆی زمانەکەیەوە، واتە بە هۆی ئەو وشەو ڕستانەی، کەڕێکی دەخات، شێوەیەکی گونجاو و سەرنجڕاکیش دەداتە هونەرەکەی و کار لە کەسانێك دەکات، کە لە خۆی نەزانتر نین)) أفلاتون،1974، 556.

لە ڕاستیدا زمانی ئەدەبی هەڵسەنگێنەری بەرهەمە ئەدەبیەکانە، شاعیرو نوسەری بەئاگاو شارەزا، هەمیشە بە دوای وشەی ڕەسەن و خۆماڵیدا دەگەڕێت و بەرهەمەکەی پێدەڕازێنێتەوە و مشتێك دەخاتە سەر خەرمانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی نەتەوەکەی، کەواتە کەرەستەی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی نوێ و کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك، بە پلەی یەکەم لە زمانە ئەدەبییەکەوە سەرهەڵدەدات و هەنگاو بەرەو لوتکە و جیهانی نوێی ئەدەبیات دەنێت، چونکە ((ئەو شیعرەی لە بۆتەی زمانێکی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:22-32
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

شیعریدا نەتوابێتەوە، ناتوانێ سنووری مانای کۆن و واتا سواو ببەزێنێ و بە کورتی جیهانێکی نوێی شیعریی، بەرهەم بهێنێ.)) یەعقوبی، 2000 ، 46.

ئەوە راستییەکە، کەشیعر و ئەدەبیات کاریگەری تەواوی لەسەر زمانی نەتەوەیی هەیە و دەبێتە سەرچاوە و بنەمایەکی گرنگی بوژاندنەوە و نوێبوونەوەی ئەو زمانە و لە سستی و لاوازی دەیپارێزێت و پتەو و بەهێز و دەوڵەمەندی دەکات .

ئاشکرایە زمانی شیعریی لە زمانی ئاسایی تا ڕادەیەك ئەگەر کەمیش بێت، جیاوازییەکی هەر هەیە، هەر بۆیە دیاردەی گەشە کردن و زیندووبوونەوە لە ناو پرۆسەی شیعردا، وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکی و دیارەکانی ڕوونتر دەردەکەوێت، جگە لەوە شاعیر سەربەستییەکی بێ سنووری وای هەیە، کە لە دەسەڵاتی نوسەرانی تردا بەو شێوەیە نیە. ئەوش ئاشکرایە، کە زمانی شیعریی جگە لە ڕەسەنایەتییەکەی لە هەمانکاتدا - داهێنانیشە-، چونکە شاعیر زۆر ووربینانە دەگەڕێت بە دوای هەموو ئەو وشە و زاراوە و ڕستە نادیار و بەکار نەهاتووەکانی ناو فەرهەنگی زمانەکە و زمانە شیعرییەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات و زۆر جاریش یاسا ئاساییەکانی زمانی ڕۆژانە دەشکێنێت، هەر وەك د.محەمەد معروف فەتاح، دەڵێت: ((بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، زمانی شیعر دیاریدەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە ڕێز نەلەکات و نە لە شوێن و نە لە ڕێزمان، نە لەرەنووس نە لە یاساکانی واتاسازی نە لەزانستی شێواز، ناگرێ )) فەتاح ، 2010 ، 43.

نابێ ئەوە بەهەند وەرنەگرین، کە هەر شاعیر و نوسەرێك، شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە و دەتوانێ گیانێکی نوێ و زیندوێتی بداتە ئەو وشە و زاراوانەی، کە ڕۆژانە خەڵکی قسەی پێ دەکەن، یان لە فەرهەنگی زماندا جێی خۆی هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆ و زەق بکاتە سەر گوێگرەکەی، کەچی کە شاعیرێك یان نوسەرێك ئەو وشە و زاراوانە دەخاتە قاڵبێکی ئەدەبییەوە و بە شێوازێکی هونەری دایدەڕێژێتەوە، ڕاستوخۆ کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دەردەکەوێت و سەرنجی بۆلای خۆی ڕادەکێشت و ووروژاندنێك بەرپادەکات، چونکە زمانی شیعری کەرەستەی سەرەکی شیعرە و یەکێکە لە پێکهاتەکان و ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری.

بێگومان هەموو شیعرێك لە کۆمەڵە پەیڤێك پێکهاتووەو ئەمانیش بە کۆمەڵێ ئامرازەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئەمە جگە لەوەی، کە زمانی شیعری جۆرە سیمایەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە زمانی ئاسایی و قسەکردن، چونکە لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە بیرەکانی خۆی دەردەبریت، هەر بۆیە وتراوە،کە((زمان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بونیادی وێنەی شیعری... زۆر جار وێنەی شیعری دەبێتە زمانی هۆنراوەکە، چونکە وێنە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە زمانی شیعردا.)) قاسم ،1980، 131.

**- خاسیەتەکانی زمانی شیعری**

زمانی شیعری هەر نەتەوەیەك کۆمەڵێك سیماو خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە ،کە دەتوانرێت لە چەند لایەنێکەوە سەرنجی بدرێت، وەك:

1. یەکێك لە خاسیەتیەکانی زمانی شیعری ئەوەیە، تا تواناو بە ئاگایی شاعیر لە روی جیهانبینیەوە هەڵکشاو تر بێت، ئەوا بەهرەی لە خوڵقاندنی زمانێکی ئەدەبی هاوچەرخ و کاریگەردا، زیاتر دەبێت.
2. زمانی شیعری، هەردەم پێویستی بە گۆڕانەو ناتوانێت لە دۆخێکی وەستاودا بمێنێتەوە، چونکە دەربڕینی زمانەکە، ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیرەکەیەوپەیوەندی بە باری دەروونی نوسەر، یا شاعیرەکەوە هەیە.
3. واتای دەقی شیعریی، جیاوازە لەگەڵ ئەو قسەو ڕستەو واتایانەی، کە لە قسەیەکی ئاساییدا دەبیسترێت، چونکە ئەمیان قسەو باسی واقیعی ناو کۆمەڵگایەو ئەوی تریان، واتە زمانی شیعری لە ناخ و هەست و ئەندێشەی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ.لەو بارەیەوە - لەتیف هەڵمەت-، دەڵێت: ((سەرکەوتنی هۆنراوەیەك لە وەدایە، کە شاعیر بتوانێ وشەکانی بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژێ و شێوەیەکی نە بینراو... شێوەیەك کە ڕوویەکی تری ئەفسانە دەربخات... هەموو وشەیەك لەشیعرێکی جواندا... دورگەیەکی تایبەتییە، هۆزەکانی بە زمانێکی تایبەتی ئەدوێن)) هەڵمەت ، 1973 ، 3.
4. هەندێك لە شارەزایانی بواری ئەدەب، کێش و سەروا دەکەنە خەسڵەتێکی گرنگی شیعر ،هەر بۆیە لەو بارەیەوە د.زهیر غازی زاهد، دەڵێت: ((زمان لە کاری ئەدەبیدا- ئامراز و ئامانجە-، هەر وەها شیعر– زمان و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە بڕوای زمانەوانەکان بوونی-کێش و سەروا- لە شیعردا تایبەتێتی بە زمانی شیعر داوە. مەحمود، 2009 ، 154.
5. خاسیەتێکی تر لە زمانی شیعریدا ئەوەیە،کە گرنگی بەلایەنی جوانکاری هونەری-ئیستاتیکا- دەدرێت، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی سەلیقەی شیعری و دەسترەنگینی و ئەزموونی شیعریان بەهێزە، بەهۆی بەکارهێنانی هێما لەبەرهەمەکانیاندا، داهێنانی هونەریی نوێ و قەشەنگ دێننە ئەنجام؛ کە بەو هۆیەوە خەسڵەت و تایبەتمەندێتی وا لەشیعردا دەخەنەروو، کە جیاواز بێت لە بوارەکانی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تری ئەدەب،هەروەك-موحەمەد رەزا موبارەك- دەڵێت: ((شیعر بەهۆی زمانەکەیەوە، خاسیەتێکی بەهای وا پەیدا دەکات، کە لە چەشنەکانی تری ئەدەب جیای دەکاتەوە، ئەویش چڕبوونەوەیە، چڕیش نرخێکی تایبەتی خۆی بۆ شیعر هەیە.)) مبارك ، 1983 ، 22.

ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی، کە جوانی و تایبەتمەندییەکی بەرچاو بداتە شیعر و جیهانێکی پڕ لە سەرنجراکێشی پێببەخشێت، کە دەبێتە جێی سەرنج و تێڕامان.

6. خەسڵەتێکی تری زمانی شیعریی ئەوەیە، کە لەیاسای زانستی فۆنەتیك لانادات و لە هەمانکاتدا پەیڕەوی کێش و ریتم دەکات، هەر چەندە زۆربەی شارەزایانی بواری ئەدەب لەو بڕوایەدان، کە نەشیعر و نەزمانی شیعر، هونەرێکی زانستی نین، بەڵکو زیاتر- ژیربێژی- یە، بەڵام دەبێت ئەوەش بەهەند وەربگرین، کە زمان و شیعریش، یاساو بنەمای دەستووریی خۆیان هەیە.

لەکۆتاییدا دەڵێین، ئەگەر زمانی شیعریی ئەو کۆمەڵە خاسیەتەی لەخۆ نەگرتبایەو زمانەکەشی جیاواز نەبوایە، ئەوا هەموو کەسێك دەبووە شاعیر، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کە تەنها شاعیرە دەتوانێ ئەو هەست و سۆز و خەیاڵە سیحراوییانە بخوڵقێنێ و لە ڕێگەی زمانە شیعرییەکەیەوە ئەو جیهانە پڕ لە بەهاو جوانی و سەرنجراکێشە بونیات بنێت.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵ و گرنگی زمانی شیعری**

- **ڕۆڵی زمانی شیعری:** زمانی شیعری ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لەبەرهەمهێنانی بابەتە ئەدەبییەکاندا بەتایبەتیش لەبواری شیعردا، ئاشکرایە بەپێی گۆڕانی چەشن و جۆری ئەدەبەکە، زمانەکەش پێویستی بە گۆڕین و گونجاندنی لەگەڵ بوارەکەدا هەیە.

**هەر بۆیە لێرەدا هەندێك لە ڕۆڵە گرنگەکانی زمانە ئەدەبییەکە یا شیعریەکەدا دەخەینەڕوو:**

1- زمانی شیعری، ئامرازێکە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکانەی کە ئامانجی شاعیرەکەیە، بە جەماوەر یا خەڵکی.

2- بەهۆی زمانی شیعرییەوە، ئاسانکاری دەکرێت بۆ تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ لەمەبەستەکان و بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی و هێنانە کایەی کۆمەڵێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی روون و ئاشکرا و وشەو زاراوەی نوێی ناو فەرهەنگی زمانەکە خۆی.

3- زمانی شیعری ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە لەدایکبوونی شیعرەکەدا، خۆ ئەگەر زمانە شیعرییەکە نەبێت، ئەوا شاعیر دەستە پاچە دەبێت و هیچی بۆ ناکرێت، هەروەك –مالارمێ- دەڵێت: (( ئەوە زمانە شیعرییەکەیە دەدوێت، نەك نووسەر... نووسین گەیشتن بەو شوێنەیە زمان هەڵس و کەوتی هەبێ، نەك من.)) بەرزنجی(1) ، 2002 ، 145.

4- یەکێکی تر لە رۆڵەگرنگەکانی زمانی شیعری ئەوەیە، کە ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بەرهەم بهێنێت، ئەویش لەڕێی ئەوەی بابەتەکان بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا بخاتەڕوو، یان وورتر بڵێین، روونی بکاتەوە، هەروەك -ئەرستۆ- دەڵێت: (( گەورەترین رۆڵی زمانی شیعریی ئەوەیە، کە روون و ئاشکرا بێت، بەبێ ئەوەی سواوبێت، زمانی شیعری ئەو کاتە روون و ئاشکرا دەبێت، کە لەوشەی ڕۆژانەدادروست بێت.)) طالیس، 1973، 62.

هەر بۆیە زمانی شیعری، لەناو رەگەزەکانی بونیاتی شیعردا، جۆرە سیمایەکی تایبەتی دەداتە دەق و شیعرییەت پێکدەهێنێت و بەسەر زمانی ئاساییدا تێدەپەڕێت و پەیوەستبوونی خۆی لەڕێگەی وێنەوە دەردەخسێنێ، لەو بارەیەوە - د. کەمال میراودەلی- دەڵێت: ((ڕەگەزێکی گرنگ ماوە، کە عەمەلییەی داهێنانەکەمان بۆ تەواو دەکات، ئەویش زمانە، ئەگەر شاعیر دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر زماندا نەڕوات و فەرهەنگێکی ووشەی دەوڵەمەندی نەبێت، لە دەربڕینی تاقیکردنەوەکەیدا پەکی دەکەوێت، چونکە ئەداتی دەربڕینی شاعیر وشە-یە)) محموود، 2009، 47.

**- گرنگی زمانی شیعری**

زمانی شیعری کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی شیعر و ئەدەبیاتە، دیارە کە زمانی شیعر لاواز بوو، ئەوا شیعرەکەش لاوازو کەم بایەخ دەبێت، ئەوەش ئاشکرایە لەگەڵ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و شارستانێتی وگۆڕانی سەردەمدا، بێگومان زمان بە گشتی و زمانی شیعری بە تایبەتی گۆڕانی زیاتری بە سەردا دێت، ئەویش زیاتر لە ڕووی بەکارهێنانی وشەکان و چۆنییە دەربڕینی ئاوازە دەنگییەکانەوە، چونکە وشە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە شیعردا، هەر بۆیە زانایەکی وەکو -کانت- دەڵێ: ((شیعرو نوسین جوانییەکەیان لە وشەدا، دەردەکەوێت)) بەرزنجی(2)، 1978، 58.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**گرنگییەکانی زمانی شیعری زۆرن و لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو، لەوانە:**

1. ئەدۆنیس- لە بارەی زمانی شیعریەوە، دەڵێت: ((زمانی شیعری، زمانی دەربرین نییە، بەڵکو زمانی ئەفراندن و داهێنانە)) أدونيس، 1986، 29.
2. شیعر پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە باری دەروونی شاعیرەکەوە هەیە، هەر بۆیە شیعری شاعیرێك لەگەل یەکێکی تردا جیاوازە، چونکە بیرکردنەوەو بارودۆخی دەروونی هیچ کەسێك لەوی تر ناچێت، کەواتە زمانە شیعرییەکەش بە پێی دەربرینە شیعرییەکان لە گۆڕاندا دەبن ،ئەمەش دەبێتە هۆی دەڵەمەندبوون و بە هێزبوونی فەرهەنگی زمانە شیعرییەکە، واتە شیعر هۆکاری پاراستنی زمانەو لە سستی و لاوازی دەیپارێزێت.
3. یەکێکی تر لەگرنگییەکانی زمانی شیعری ئەوەیە، کە (( هەمیشە تایبەتێتییەکی خۆی هەبووە، ئەگەر چیش ئەو تایبەتێتییە لە یەك قالب و یەك شێوەدا نەبووبێت.)) شوان، 1976، 9.
4. گرنگیەکی تری زمانی شیعر، ئەوەیە کە ((گەیاندن و ئامانج دوو هێڵی تەریبی زمانی شیعرن، شیعریش لە دەروازەی ڕەمزو نیگاوەمامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و لە ژیان دەروانێت ،شیعر لە ڕێگەی زمانەوە جیهانێکی پڕ لە تاسە بونیات دەنێت.)) گەردی، 11،2002.

**ئەنجامەکان**

دوای ڕۆچوونمان بەناو بابەتەکەدا، تێروانینی تەواومان لە بارەی زمان و زمانی شیعرییەوە و ڕۆڵی لە بەرەو پێشچوون و برەو پێدانی ڕوناکبیری لە ناو گەلاندا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

1- زمان بناغە و بنچینەی بوونی هەر نەتەوەیەکەو لە ناو گەلان و نەتەوەکانی تردا پێناسەی پێ دەکرێت.
2- زمانی شیعری، هەڵچوونی ڕادەی ڕۆشنبیری و بە ئاگایی شاعیران و ئەدیبانی ئەو نەتەوەیە، برەو پێدەدات و ناسنامەی ئەدەبی و بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکە، بە گەلانی تر دەناسێنێت.
3- ڕۆڵ و گرنگی ئەرکی زمان و زمانی شیعری، بە هەند وەر گیراوە و بەوردی روونکراوەتەوە.
4- گرنگی و ڕۆڵی وێنەی هونەریی، وەك ڕەگەزێکی بنچینەیی، لە زمانی شیعردا، ئاوڕی لێدراوەتەوە
5- سەلماندنی ئەو خەسڵەتەی، کە زمانی شیعریی لە یاسای فۆنەتیك لانادات و لە هەمان کاتیشدا پەیڕەوی کێش و ڕیتم دەکات.
6- بە شێوەیەکی گشتی، زمانی شیعریی هۆی لە دایکبوونی بەرهەمە شیعرییەکانە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: نامەی ئەکادیمی**

1- بەرزنجی(1) - عثمان عبدول معروف،2002، شیعری نوێی کوردی ساڵانی پەنجاو شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، سلێمانی،.
2- گەردی- سەردار حسن،2002، بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا 1970-1991، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

**دووەم: کتێب**

**أ- کوردییەکان**

3- باتینی - محەمەد ڕەزا (د.)،2012، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، وەرگێرانی: هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی: گەنج، سلێمانی.
4- تاهیر- فوئاد ،2003 هۆشیاری زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
5- خاڵ - شێخ محمد ،1960ز، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی: کامەران، سلێمانی.
6- رەسووڵ - عیزەدین مستەفا (د.)، 2018ز، بۆ زمان، چاپخانەی : شڤان، سلێمانی.
7- عەلی[2]، حەمەئەمین - بەکر عومەر (پ.ی.د.)- شێرکۆ حمە ئەمین(م)، 2006ز ، زارو شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی: چوارچرا، سلێمانی.
8- عەلی[1]- تاڵیب حوسێن (د.)، 2014ز، زانستی زمان و زمانی کوردی، وتارو توێژینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی: ڕۆژهەڵات، هەولێر.
9- عەزیز - حوسێن محەمەد ،2015، هێندێ بابەتی زمانەوانی و وێژەیی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی،.
10- فەتاح - محەمەد مەعروف (پ.ی.د.)، 2010ز، لیکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: شێروان خۆشناو- شیروان میرزا قادر، هەولێر.
11- قەرەداخی - مهاباد ،2003ز، زمان وناسنامە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
12- کالفی - لویس جان،2012ز، شەری زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێرانی: بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
13- مەحموود - ئازاد ئەحمەد (د.)، 2012ز، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی دووەم، بڵاو کردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ=188، هەولێر.
14- مەحوی - محەمەد (د.)، 2001ز، زمان و زانستی زمان، سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی،.
15- وەیس، مجید - غازی فاتح، فاضل مجید،1987ز، زمان و زانستی ئەدەبی کوردی، پۆلی یەکەمی کۆلێجەکانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،.

**ب- عەرەبییەکان**

16- أدونيس،1986م، زمن الشعر، دار الفكر، بيروت، لبنان.
17- أفلاتون- جمهورية أفلاتون،1974م، دراسه وترجمه: الدكتور فؤاد زكريا، مطابع الهيئه المصريه العامه لكتاب، القاهره.
18- براستد- جيمس هنرى ، بلا، إنتصار الحضاره، ترجمه: د.أحمد فخرى، مكتبه الأنجلو المصريه، القاهرة،.
19- طالس- أرسطو، 1973م ، فن الشعر، ترجمه عن اليونانيەوشرحەوحقق نصوصه: الدكتور عبدالرحمن البدوى، الطبعة الثانيه، مطبعه دار الثقافه اللبنانيه، بيروت.
20- قاسم - عدنان حسين (د.)، 1980م، التحرير الشعرى-التجربة الشعۆيه و الادوات رسم الصورة الشعريه، ليبيا- طرابلس.
21- مبارك - محمد رضا ،1983 م، الشعريه فى الخطاب النقد العربى، دار الشؤون الثقافه العامه، بغداد،.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:22-32
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

**أ-گۆڤار**

22- بەرزنجی[2] - عومەر مەعروف،1978ز، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، بەشی دووەم، گ/ڕۆژی کوردستان، ژ =5، مطبعه علاء، بغداد، تەموزی.
23- خورشید - فوئاد حمه،1985ز، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، افاق عربیه، بەغداد.
24- شوان - صلاح ،1976ز، زمان و ئەدەب، گ/ ڕۆشنبیری، ژ=52، بەغدا.
25- یەعقووبی - عبدولخالق ،2000 ز، دەسەڵاتی زمان لە کۆماری کورتە شیعردا، گ/ڕامان، ژ=48 هەولێر،6/5.

**ب- ڕۆژنامە**

5- هەڵمەت - لەتیف ،1973، سەرەتایەك بۆ هۆنراوەی نوێ، ڕۆژنامەی/ هاوکاری، ژ=106، بەغدا، 3/30.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)